مادام کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا حەز بەوە ئەکات کە خۆی کارەکانی خۆی بکات یەکەمین بەرپرسیار لە ژیانی مێرمنداڵ خودی مێرمنداڵە و ئەرکی دایک و باوک و مامۆستاکان و بەرپرسانە کە هاوڕێی مێرمنداڵ بن لە ڕێنمونی کردن و پەروەردەی دروووست لە سەر بنەمای ڕێزگرتن و لە بەرچاو گرتنی خواست و پێداویستیەکانی ژیانیان و ئەرکی وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانەیشە کە لەم قۆناغەدا بەشی پەروەردەی دروووست لە سەر خۆناسین و ڕێنموونی کردن لە سەر تایبەتمەندی جەستەیی و دەروونی و خۆناسین و کۆمەڵایەتی کوڕان و کچان بۆ مێرمنداڵان لە قوتابخانەکان بکەنەوە بە ڕادەیەک کە دایکان و باوکانیش بتوانن بەشدار بن لەو پەروەردەیەدا.

نەبوونی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و گونجاو بۆ خۆناسینی مێرمنداڵ دەبێتە هۆی لە دەس چوونی توانایی و لێهاتووی مێرمنداڵ بەرەوە ژیانێکی چەوت و پڕ لە کێشە، مێر منداڵ ئەبێ ئەوەندە بە پەروەردەی گونجاو و زانستی بە هێز بکرێ کە توانایی چارەسەری کێشەکانی خۆی هەبێ و بتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگادا خۆی بگونجێنێ تا ڕادەیەک کە یارمەتیدەریش بێت لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا.

ناوەندە مەدەنی و NGOکانیش ئەتوانن بەشی تایبەت بە مێرمنداڵانیان هەبێ و بەشداریان بکەن لە چالاکیە مەدەنیەکان و بەشی ڕاهێنانی تایبەت بە مێرمنداڵانیشیان هەبێ و یارمەتیدەرێکی باش بن لە ئاراستە کردنی مێرمنداڵان بەرەو چالاکی مەدنی و کۆمەڵایەتیدا.

چرۆی هیوا

■ محەمەدسدیق کەریمی

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە، لە گەڵ ئەوەدا کە گەورەترین داهێنانەکان دەکات مەزنترین ڕووخێنەرە. لە سووچێکی دنیادا کەسێک دەبێتە «نەرگس» و فریشتە ئاسایی سێبەر دەخاتە سەر منداڵانی هەژار لە هیندستان و لە لایەک دەبێتە «سەددام» و پێنج هەزار خەون هەڵدەڕێژێتە داوێنی مەرگ!

زۆرێک لە خودی مرۆڤەکان ئەم دژبەرییەیان لێ بووەتە پرسیار و بە درێژایی مێژوو لە سەری دواون. بە ڕاستی بۆ دەبێ کەسێک هێندە لایەنی هزریی لاواز بێت دارستانێک بەو هەموو ڕەنگە لە ژیانەوە ئاگر تێبەربدات و مرۆڤێکی تر ئاستی بیرکردنەوەی گەشتبێتە ڕادەیەک کە گیانی خۆی بخاتە مەترسی و ئەو ئاگرە بکوژێنێتەوە؟ چی وادەکات ئەم دوو جەمسەرە لە ژین پێکبێن و ئەو ڕێگایانە لە کوێوە دەست پێدەکەن کە ئەم دوو کردەوە دژە لە یەک نزیک بکەنەوە و دەستیان بکەنە ملی یەکتر؟

زۆرێک لە زانایان، خەتای چەوتی مرۆڤیان لە گەورەساڵیدا گێڕاوەتەوە بۆ «بارهێنان» و بە سەدان و هەزاران وتار و کتێب و کۆڕ و کۆبوونەوە و ... لەم بوارەدا سازکراوە و بە گشتی بارهێنان وەکوو بنەڕەتێک چاوی لێدەکرێ کە بنیاتی مرۆڤی لە سەر ساز دەکرێ. چۆنییەتی بارهێنان و ئەو ڕەوتەی کە دەروونناسەکان - لە پیاژە و فرۆیدەوە بگرە تا ئێستا - لە سەری ڕۆیشتوون و بۆ خۆی باسێکی تێر و تەسەلە و لێرەدا جێی نییە.

ئەوەی ڕوونە کۆمەڵێک تەجروبە کار دەکەنە سەر مرۆڤ و دەبنە پێشینەیەک کە لە دوارۆژدا ئەتوانن هاندەربن بۆ ئەوەی مرۆڤ شانسی ئەوەی ببێت ڕوو لە ژیانێکی سەلامەت هەنگاو بنێ بە هەموو هات و نەهاتەکانییەوە.

وەکوو دیارە کۆمەڵگای کوردەواری بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ و هێشتا لە پێشینەی ژیانی ئاژەڵداری و وەرزێری نەبووەتەوە، کەوتووەتە دونیای

ئاڵۆزاوی پاشمۆدێرن و شارستانییەتێک کە بە پڕتاو بەرەو قۆناغگەلێک دەڕوات کە ئەوسەری نادیارە و ئەم قۆناغە کوتووپڕە وای کردووە ڕەوتی بارهێنانی ئاسایی تووشی شۆک ببێت و، ئەو ڕێگە و ئامرازانەی دایک و باوکان ئەیانەوێ منداڵی پێ باربهێنن، زۆر کارا نەبن و شپرزییەک بە زۆربەی بنەماڵەکانەوە دیارە کە وردەوردە کۆمەڵگایشی گرتووەتەوە. ماوەیەکە ڕووناکبیران و چالاکانی بواری مەدەنی هەستیان بەم کەلێن و شپرزییە کردووە و هەریەکەو بە بۆچوون و بەپێی زانیاریی خۆیان هەوڵیانداوە بە کردەوە لە لایەنە نەخوازراوەکان کەم بکەنەوە و کۆمەڵگا یارمەتی بدەن بەرەو ژیانێکی خوازراو هەنگاو بنێت. چەندین ئەنجومەن و دامەزراوەی جیاواز، هەریەکەو لە ژێر ناوێکدا هەوڵیان داوە مرۆڤ لە ژیان نزیک بکەنەوە. ئەدیبان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دەقی نووسراوەکانیاندا لێی دوواون، ناوەندە فەرهەنگییەکان لە توندووتیژی و کاردانەوەکانی کۆڵیونەتەوە، دامەزراوە فێرکارییەکان وانەیان بۆ خوازیاران داناوە و، مامۆستایان خۆبەخشانە بەشداربوون و وەکوو ئەرکی سەرشان کاریان بۆ کردووە و ... . بە گشتی هەریەک لەم هەوڵانە لە گەل ئەوەیدا کە بێ ڕەخنە نەبوون و نین، جێگەی دڵخۆشین.

یەکێک لەو ناوەندە وەرزشییانەی کە بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو - لە بارودۆخی هەستیی خەڵکی مەریوان - هەنگاوی ناوە بەرەو ڕاهێنانی وەرزشوانان ناوەندێکی فێرکاریی یاری فووتباڵە بە ناوی «مدرسە فوتبال ماهان چیا». ئەم ناوەندە هەستاوە بە درووشمی ژینگەپارێزییەوە ئەرکی ڕاهێنانی پتر لە سەد منداڵ و مێرمنداڵی وە ئەستۆ گرتووە تاوەکوو لە وەرزی هاویندا پاش ئاشناکردنی ئەو تازەلاوانە لە گەل یاری «تۆپی پێ» ئامادەیان بکات بۆ کێبەرکێ و بەم شێوەیە لە ڕووحی هاریکاری و کاری بەکۆمەڵ نزیکیان بکاتەوە. ئەم کارە لە خۆیدا کارێکی پیرۆزە و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دوو بارهێنەری لاو بە پشتیوانی یەکێک لە وەرزشوانە بەناوبانگ و خۆشناوەکانی شارەکەماندا بەوپەڕی سۆزداری و هەستکردن بە بەرپرسیارەتییەوە لۆگۆی ناوەندەکەیان تێکەڵ بە درووشمی ژینگەپارێزی کردووە و هێمایەکیان لە، لەشساغی و خۆشەویستیی نیشتمان پیشانی منداڵان داوە کە بێگومان لە بارهێنانی درووستی منداڵاندا کاریگەر دەبێت. لەم هێمایەدا بە هێنانەوەی وێنەی باڵندەیەک، کە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە، خۆشەویستیی خۆیانیان بۆ گیانلەبەران و گرنگایەتیی پاراستنی گیانی ئەوان پیشان داوە. شایانی باسە کە ئەم جۆرە سۆنەیە (اردک بلوطی) پێشتر لە زەلکاوەکانی دەورووپشتی زرێباردا بەزۆری بەرچاو دەکەوت، کەچی بەداخەوە لە ئیستادا بە بۆنەی سستی بەرپرسان و ڕاوکردنی لەڕادەبەدەریان هێندە کەم بوونەتەوە کە خەریکە فڕەی باڵەکانیان لەبیری وردەشەپۆلەکانی زرێبار دەچێتەوە.

ئەم هەوڵەی ناوەندی فێرکاریی «ماهان چیای مریوان» وەکوو هەوڵێکی پیرۆز چاو لێدەکرێ و هیوادارین بووژاندنەوەیەک بێت کە بتوانین لە داهاتوودا کاردانەوە باشەکانی لە ئاستی مەریوان و هەموو کوردەواریدا بەدی بکەین. تا ئەو کاتەی کە هیواکان، چرۆیان ببێتە لق و دارستانی ژیان چڕتر و سەوزتر بکەن.

بەهەشتێکی پچڕاو...

■ ئەمجەد حەیدەری

دەمێکە دەیناسم ، لە مێژە ، ساڵانێکی یەکجار زۆر. (پووره ئامین» دەڵێم، ئێستاش بزەی سەر لێو و بۆنی مێخەک و سملی بەرۆکی وەک نەرمە بارانی سەر کوێستان بە نێو ڕۆحی تینوومدا دەگەڕێ.

ئێستاش وەک سی ساڵ پێش، لەچکێکی ناسکی ئاورێشمی سپی داوە بە سەریا و ئەگریجەکانی بە لاڕوومەتیا وەک چلە ڕێحانەی ژاکاو هاتوونە خوارێ و کوڵمە سوورەکانی وەک هەناری‌هەورامان‌خوێنی‌تێ‌زاوە.

چاو لێک دەنێم و بە نێو ئەرشیفی یادەوەرییەکانما دەگەڕێم. تازە دەزانم ڕۆژگار چەن بێبەزەییانە گاڵەی پێ کردووم، لە ناهەق نییە سەر و ڕیشم ماش‌وبرنجی‌وێساوە.

دەڵێی هەر دوێنێ بوو... سی ساڵ پێش ئەڵێم، دەنگی (ئاژیر)ی ئاگادار کردنەوەی بارودۆخی نائاسایی و ئەگەری هێرشی فڕۆکەی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ڕادیۆ مەریوانەوە ئەبیسرا.

لە پڕێکا وەک هەورە بروسکەی بەتەوژم کەوتنە وێژەی شار و (زرم، زرم، زرم) دەنگی ڕەشاش و چەکە دژە ئاسمانییەکان و دووکەڵ و بۆنی خوێن و باروت هەموو شاری داگرتبوو. بەپڕتاو لە نێو کەلاوەی ماڵە دارماوەکانا و وێزەویزی (ئامبولانس) و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن، لە دوای توێتایەکا خۆمان گەیاندە دەرەوەی شار، بۆ کوێ؟! نازانین...

کاتێ گەیشتینە ئاوایی «ئەسراوا»، دەڵێی خەڵکی ئاوایی پێشتر بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شار لەوێ بوون، ئاخر زۆریانم دەناسییەوە. هیلاک و برسی و ماندوو، سەروچاوی تۆز و خۆڵی لێ نیشتوو؛ هەژار و داماو. لە تاو ترس و دڵەڕاوکێ، تف لە دەمماندا وشک ببوو، زۆر بەزەییم بە خۆماندا دەهاتەوە، لە دڵەوە خۆزگەم بە خەڵکی لادێ دەبرد. گریانی منداڵی ساوا و دەنگی شین و لاوانەوەی ژنان بەدوای منداڵ و کەسوکاریاندا، مەرگی ژێر داروپەردوی ماڵی هاوشاریانم، تاڵترین یادەوەرییەکانی دەستی شەڕی نەخوازراوە کە بۆ هەرگیز لەیادم ناچێ. «پووره ئامین» لە نێو ئاپۆرەی خەڵکی ئاوایی و ئاوارەکان بە حەپەساوی ڕاوەستابوو، بەپەرۆشەوە دەیڕوانیە جەماوەر و جارجارەش بە سووچی فەقیانەکەی چاوەکان و لووتی دەسڕی. قەدەر «پوره ئامین» ی کردە خانەخوێمان و لە ماڵە خنجیلانەکەیدا گیرساینەوە. ئێستا ئەزانم دڵی «پوره ئامین» چەندە فراوان و گەورە بوو. خێزانێکی حەوت کەسی بۆ چەن مانگ لەسەر سفرە و خوانی «پووره ئامین» میوانبووین.

میوان، نا، نا، ئێمەش وەک هەموو ئاوارەکانی دیکە بەشێک بووین لە ماڵ و خێزانی دەستەبرای خەڵکی ئاوایی. ماڵی پووره ئامین بەشێکی پچڕاو لەو بەهەشتە بەرینە بوو کە باسی دەکەن، گوێسەبان و سەربانیجە هەتا سەربان بە گوڵی لاولاو و ژاڵە و دەیان جوری ڕەنگاوڕەنگ ڕازابۆوە. بەیانیان زوو هەتا شێوان پووره ئامین پانتۆڵی پیاوانی لێ هەڵدەکێشا و بەناو حەوش و بان و دەرگا و هەیواندا دەهات و کارژۆلە و بەرخەکانی لە باوەش دەگرت و دەیلاواندنەوە و لە بەرخۆوە گۆرانی بۆ دەوتن.

ئێواران ئەودەمەی ڕان و گایەل دەگەڕاوە هەموو ئاوایی جمەیان دەهات، فیکەی شوان و بۆڕەی مانگا زەردی پووره ئامین و ڕێچکەی جووچکە و مریشک لە نێو حەوشە و حەسار، ئەودیمەنانەن کە ئێستاش زاخاوی‌دڵم‌ئەدەنەوە.

پووره ئامین زۆر مێهرەبان بوو، دەڵێی هەموو جوانی و بزە و پێکەنینەکانی دنیا لەودا کۆببووەوە، بەیانیان باوەشێ نانی تیری و هێلکە و کەرە و ماست و کولێرەی پەنجەکێشی ئەخستە سەر نانەشان و سەماوەرە سکڵەکەشی بەنەرمی سیاچەمانەی بۆدەوتین.

زۆر جار ئەموت خۆزگا پووره ئامین دایکم بوایەت، خۆزگە «شەڕ» کۆتایی نەئەهات و هەر لە ماڵ پووره ئامین ئەبووین! نا، نا، خۆزگە خەڵکی «ئەسراوا» ئەبووین و دراوسێی بەشە بچکۆلانەکەی بەهەشتی ماڵ پووره ئامین ئەبووین. ئاخر پوره ئامین هەمووکەسێکی خۆش ئەویست، دەستە گەرمەکانی وەک سێحرباز پڕ بوو لە مێهرەبانی و نەوازش، تەنانەت مانگا زەرد و بەرخ و مریشک و کەڵەشێر و گوڵە کانی سەرحەسار و دارتووەکەی ناو کۆڵانیش خۆشیان دەویست.

ڕۆژگار هات و ڕۆی، « شەڕ « چۆن دەستی پێکرد، ئاوەهاش کۆتایی هات! پووره ئامین وەک پەڕەسێلکە جارجارە دەهاتە دیدارمان بۆ ناو شار، ئاخر هەرکات دەهات بۆنی بەهار و سمل و ڕێحانەی لەگەڵ خۆ دەهێنا. دەنگی پووره ئامین خۆشترین نۆتی مۆسیقایە کە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە و خەم و ئازارەکانم‌دەڕەوێنێتەوە.

ئێستاش دەستە مێهرەبان و بەخشندەکەی هەر ئاوەڵایە و چارەکەی بندەستی کولێرە گاڵگاڵی و هەزبێ و ژەمۆڵکە کەرە و هێلکەی خۆماڵی تێدایە.

ماوەیەکە دوور لە گیانی، پووره ئامین زۆر ناسازە، هەر ئەکۆکێ و هاوار گورچیلەی ئەکا، دەستەگەرمەکانی وەک باڵە ڕەنگینەکانی پەپوولە لەرزۆکە و چاوەکانی وەک زەردەی خۆرئاوا لەسەر کەلی ژیان کز و بێهێزە. ئیتر باخچەکەی پووره ئامین بێ نازە و وەک جاران لاولاو و هەزبێ و ڕێحانە چەکەرە ناکا و شەتڵەکان باڵاناکەن. ساڵانێکە ئازارە باریکە بەربووەتە گیانی مانگا و مەڕ و ماڵاتی ئاوایی، ئیتر نووشتەی ناوچاوانیشیان هیچ تەوفیریان پێ ناکا و بەدەم کەف چەرانەوە مردار ئەبنەوە.

ئێستا لەناو ئاوایی دووکانی مارکت باوە و شیر و پەنیر و کەرە و دۆی شیرکەتی وەک خۆڵ وایە. نەخۆشین و هەناسەبڕکێ وەک دێوەزمە خۆی کردووە بە ناو ئاواییدا و منداڵانی گوند وەک ساقەتی گەڵا ڕووتاو و زەرد هەڵدەگەڕێن و هەڵدەپڕووکێن. ڕۆژگارێکی سەیرە، کانیاوەکانی ئاواییش وەک جاران لرفەیان نایەت و تامیان گۆڕاوە. ئێستا خەرمان بێبەرەکەتە و ڕەز و باخ و دەشت و مەزراش بێ ڕەونەقە و کرێی جووتی تەراکتۆرەکان‌دەرنایەنێت.

دوکتور ئەڵێ بەهۆی پیس بوونی ژینگەوە نەخۆشین لە « ئەسراوا « ڕوو لە زیادبوونە و دەرمانەکان هیچ کەڵکیان نییە. ئاخر ئەڵێن «ژیژوان» کراوەتە زبڵدانی شار و هەموو ڕۆژێک دە گەڵابە زبڵی‌تێ‌ئەکەن.

ئەمڕۆ پووره ئامین دیسان پانتۆڵەکەی لێ هەڵکێشا و هەروەک جاران لەچکە سپیە ئاورێشمەکەی دابەسەریا و قەف قەف پرچە ڕەنگ بەفرینەکەی پێ داپۆشی. بە هەنگاوە لەرزۆکەکانی ڕێگای ئەسراوا تا ژیژوانی تەقەڵ ئەدا و بەدەم ڕێگاوە خەیاڵ هەڵی دەگرت.

لەسەر باڵی هەورەکان دەفڕی و لەوسەرەوە دەیڕوانیە کەرۆیشکەی گەنم و جۆی مەزرا و باخە ڕەزەکانی گوند و دووکەڵی سەرتەنوورەکان بۆ تاقی ئاسمانی شین هەڵدەکشا. پۆل پۆل باڵندەکان بەسەر ئاسمانی بێگەردی «ئەسراوا»دا لە شەقەی باڵیان ئەدا و ڕوو لە ژیژوان لەنگەریان دەگرت. سمۆرەکان لەناو لق و پۆپی داربەڕوار و مازوار بازیان ئەدا و کیسەڵەکان بەهێوری مێرگ و گەڵایان دەجاویەوە. لەق لەقی دەنووک سووری دەبینی لەسەر دارقەزوانی ژیژوان هێلانە دەکا و چەمی کەف چەرێنی پێش ئاوایی چەشنی ڕەشمار بەدەشتودەرا دەخزێ و مۆسیقای ئاوەدانی بۆ ژیژوان دەچڕێ.

پووره ئامین هەروا لەسەرخۆ ڕێگە دەبڕێ و سواری ئەسپی خەیاڵ دەبێ و پێ لە ئاوزەنگی توند ئەکا، تازە بووکی شەرمنە و لە دێبەری تەنیشت ئاوایی چەپکێ ڕێحانە دەکاتە دەستە و بۆ ئاوێنەی ناوقەد دیواری ژوورەکەی دەبا. ئێستا ئیتر لە «چاڵە چڕە» یە و لەناکاو پێش چاوی ڕەش بوو، گورزێکی قایم بەر تەپڵی سەری ئەکەوێ و جووتێ پۆتینی ڕەش پێلەقەی لەشی دەکەن. کاتێ دێتەوە سەرخۆ ، خوێن بە پرچە سپیەکانیا ئەتکێتە سەر تەوێڵی چین تێکەوتووی و دڵۆپ دڵۆپ بەسەر سمل و مێخەکی بەر سوخمەکەیدا دەچۆڕێ. بە سووچی فەقیانەکەی کولمە سوورەکانی دەسڕێتەوە و تەزبێحەکەی لە مل دەردێنێ و بەدەم ڕێگاوە دۆعا و نزادەکاودەپاڕێتەوە...

ئاخر دونیای پووره ئامین زۆر بێگەردە، دونیایەکی تەژی لە مێهرەبانی و لە بۆنی گوڵە مێخەک و وەنەوشەی بەربەیان. هەموو ڕۆژێک بەیانیان شاهەنگی ئاشق دێت و لە گوڵزاری دڵە گەورەکەی پووره ئامین شیلە نۆش دەکاوبە«فیردەوس»ی‌ناگۆڕێتەوە.

پووره گیان، بمانبووره، دەمێکە ئەم برینەی شێخ ئۆمەر سارێژ نابێ و هەر دەکولێتەوە.

هەردەکولێتەوە.

بمانبووره...

تالسِ میلتوسی

(Thales of Miletus)

■ گلریز سلامی

یونانیان بنا بر سنتی کهن، آغازگاه فلسفه را شهر میلتوس (ترکیه کنونی) و تالس را نخستین فیلسوف می‌دانند. فلسفه برای نخستین بار در شهر میلتوس، واقع در منطقه ایونی که باشکوه‌ترین و قدرتمندترین شهر یونانی در سواحل آسیای صغیر بود، شکل پذیرفت.

میلتوس گذرگاه و محل تلاقی فرهنگ‌های یونانی، بین‌النهرینی، مصری و همسایه پادشاهی توانمند لیدیا بود. مردم میلتوس بسیار اهل سفر کردن بودند، در میان آریستوکراتها، میلتوسی ها از استقلال نظر خاصی برخوردار بودند و این کوشش آنان بود برای داشتن فردیت و مزیتی که آن‌ها را می‌پروراند تا یکی از سعادتمندترین مردم منطقه باشند.

تالس میلتوسی اولین فیلسوف، دانشمند و ریاضی‌دان مشهور یونانی (از ۶۱۰ ـ ۶۴۰ تا حدود ۵۴۸ ـ ۵۴۵ ق م)، پسر اکسامیاس میلتوسی و کلئوبولینا که نامش از تالاث Thallath، ایزد بانوی کلدانی که تجسم بخش دریاست، گرفته شده است. تالس در جستجوی دانش سفرهای بسیاری کرده بود و از کرت، مصر و فنیقیه نیز دیدن کرد.

میلتوسیها بازرگانان بزرگی در دریا و خشکی بودند و علاقه‌مندان به آموختن فن هدایت کشتیرانی را به میلتوس آوردند (مجید نصرآبادی، مجله‌ی فلسفی زیزفون، تاریخ فلسفه یونان، جلد اول) تالس اولین فیلسوفی که درباره‌ی عنصر اولیه‌ی ماده‌ی همه‌چیزها و پدیده‌های کیهانی اندیشید و آن را آب می‌دانست، در اسطوره‌شناسی اورفه ای ما آب و زمین را از عناصر کیهانی آفرینش می یابیم، احتمال دلیل عقلی که تالس را به این نتیجه رساند اهمیت آب در زندگی و طبیعت بوده (عبدالعلی عنایتی، ویکی‌پدیا)

تالس بر این پندار بود که همه‌چیز از آب ساخته‌شده است. ازاین‌رو وی تمامی مادیات را صورتی از اشکال آب می‌دانست.

این رهیافت تالس مبین دو نکته است: نخست آنکه تمامی اشیا و موجودات از یک منشأ واحد و جوهر واحدی شکل‌گرفته‌اند. درواقع وی با این رهیافت برای نخستین بار اصل وحدت وجود را در عالم فلسفه تبیین و تحلیل نموده و توجه فیلسوفان و اندیشمندان را به زوایای این اصل معطوف ساخت. دوم آنکه جوهر و اصل واحدی که تمامی عناصر از آن پدید آمده‌اند، آب می‌باشد. وی بر این انگاره بود که زمین بر روی آب شناور است و در تلاش بود تا کثرتی را که مورد تجربه‌اش بود را تبیین و تحلیل نماید. ازاین‌رو وی قائل به ثبات و وحدت طبیعت اشیا در



ورای کیفیات متغیر و متکثر آن‌ها بوده است.(کلیات تاریخ فلسفه به زبان ساده دکتر ملیح صابری نجف ابادی، سرگذشت فلسفه برایان مگی ترجمه حسن کامشاد)

هنر تالس این بود که کلمه ی (چه) را به‌جای کلمه (که) گذاشت

تالس در جستجوی ماده نخستین یا اصل نخستین و یا به زبان یونانی ارخه بود، اشیا اصلی دارند و در نظر تالس این اصل آب است، مراد تالس از آب چیست؟ بعضی مثل راسل آن را همان آب معمولی و متعارف می‌دانند و کسانی مثل امیل بریه می‌گویند به معنای آب معمولی نیست. باید گفت که منظور از آب چیزی مانند بسیط در دریا با همه آثار حیات که از آن برمی‌خیزد بوده است»(تاریخ فلسفه، امیل بریه، جلد یک، ص ٥٤)

تالس همچون متفکران پیشین گذشته نپرسید که جهان از که یا به‌وسیله چه کسی ساخته‌شده است؟ یعنی تالس تفسیر اسطوره‌شناختی کهن را در باب پیدایش جهان رها کرد و کوشید تا با تفکر عقلی به توصیف طبیعت بپردازد و پیدایی جهان را تبیین کند، اگر سؤال را به شکل اول مطرح کنیم در پاسخ خود خدایانی را میابیم که جهان را آفریده‌اند این جوابی است دینی بر بنیاد افسانه‌های آفرینش نه فلسفی. اما جواب این پرسش که جهان از چه ساخته‌شده جوابی علمی و فلسفی است و اولین کسی که جواب را به این شکل مطرح کرد تالس بود.

از مشخصات افکار او این است که به دنبال یک اصل نخست به نام آرخه یا عنصر اولیه پیدایش جهان است، شاید او بر این اعتقاد بوده باشد که همه‌چیز از آب پدید آمده و به آب مبدل می‌شود چون وی در شهر ملطی زندگی می‌کرده که شهر جزیره شکل بوده و آب برای اهل آن اهمیت زیادی داشته و هم درزمانی که در مصر به سر می‌برد یقیناً به خاطر حاصلخیزی مزارع بعد از طغیان و فرونشستن آب رودخانه نیل توجه داشته و دیده است که چگونه بعد از هر بارندگی بقه ها و کرم‌ها پیدا می‌شده‌اند، علاوه بر این شاید تالس درباره‌ی تبدیل آب به یخ و بخار و تبدیل دوباره‌ی آن‌ها به آب فکر کرده باشد، گروهی این تفکر وی را متأثر از تفکر بابلیان می‌دانند زیرا آن‌ها معتقد بودند که (آب‌سو) نماینده‌ی آب‌های شیرین و (تی امت) نماینده‌ی آب‌های شور است.

تالس که بنیان‌گذار این‌گونه فلسفه است، مبدأ را آب می‌داند (و همچنین عقیده دارد که زمین بر آب شناور است.) علت این‌که او این عقیده را یافت احتمالاً این است که دید همه‌ی اشیا مرطوب است و حتی گرما نیز از رطوبت به وجود می‌آید و با رطوبت زنده می‌ماند. همچنین او دید که تخم‌های همه اشیا طبیعت مرطوب دارند و آب مبدأ طبیعت اشیاء مرطوب است... بعضی هم‌چنین می‌پندارند که حتی در دوره‌های بسیار باستانی، مدت‌ها پیش از پیدایش نسل انسان کنونی، کسانی هم که برای نخستین بار درباره خدایان اندیشیدند همین نظر را درباره طبیعت داشته‌اند.(ارسطو، مابعدالطبیعه، ترجمه دکتر محمدحسن لطفی)

آنچه برای تالس اهمیت اساسی داشت مسئله مربوط به طبیعت و علل کائنات جو یا عوارض نجومی و زلزله و باد و باران و صاعقه و خسوف و همچنین مسائل کلی جغرافیایی راجع به شکل زمین و مبادی حیات بر روی زمین بوده است.(تاریخ **فلسفه، امیل بریه، جلد یک، ص ٥١)**

دلایل آرخه گرفتن آب توسط تالس به دودسته‌ی اسطوره‌ای و عقلانی تقسیم می‌شوند:

۱ .سرآغازهای اسطوره‌ای

محققین دلایل اسطوره‌شناختی تالس را به دو دسته شرقی و یونانی تقسیم می‌کنند: تالس در کشوری زیست که با ایده‌های بابلی و مصری آشنایی داشت و بر طبق روایتی مناقشه ناپذیر، خود وی مصر را دیده است، در فرهنگ این تمدن‌ها رودخانه اهمیت بسیار داشت. روحانیان مصری به خود می‌بالیدند که نه‌تنها تالس بلکه هومر نیز از آموختند که آب را اصل همه اشیاء بخوانند.

در جهان‌شناسی بابلی که در انوما الیش مربوط به هزاره دوم پیش از میلاد بیان‌شده است، تصویر مشابهی از تقدم آب وجود دارد. در اساطیر بابلی و در سروده‌های ایلیاد و اکئانوس، نخستین پدر خدایان و مادرشان تتوس اکئانوس که نخستین پدر همه‌ی آن‌ها است ... اکئانوس در دوردست‌ترین نقطه‌ی زمین ساکن است، آن رودخانه‌ی بزرگی است، که در دور زمین جریان دارد...“ آب نقشی بنیاد آفرین دارد»

۲ .تبیین‌های عقلانی:

آب تنها جوهری است که می‌توان تغییر حالات آن را بر طبق حرارت به حالت جامد، مایع و گاز مشاهده کرد، جوهر ثابت می‌ماند و حالات تغیر می‌کند (تاریخ هرودت ترجمه راونیلسن، تاریخ فلسفه یونان جلد اول)

بنابراین در مورد اندیشه های فلسفی تالس اذعان داشته‌اند که نخستین مسئله‌ای که ذهن وی را به خود معطوف داشته است مداقه و تأمل درباره‌ی چرایی و چگونگی تشکیل جهان بوده، وی همواره بر آن بوده که بداند منشأ جهان از چیست وی نخستین فیلسوفی بود که به اصل وحدت ماده اعتقاد پیدا کرد که تمام موجودات عالم از جوهر واحدی تشکیل گشته‌اند که درنهایت به آن خواهند پیوست، وی موجودات عالم و مادیات را صور متغیر این جوهر ذاتی و ذات مطلق تلقی می‌نماید چنین دریافتی منبعث از اندیشه وحدت اساسی یا اصل اولی و اساسی است که این عنصر را به‌عنوان ماده المواد و خمیرمایه‌ی تمامی اشیا قلمداد می‌نماید (کلیات تاریخ فلسفه به زبان ساده)(سرگذشت فلسفه براین مگی) (سیر اندیشه فلسفی در غرب)

آموزش و پرورش چندزبانگی ۸

(این شماره: جمهوری سنگاپور)

■ امین عزیزی

:۱

:۲

:۳

:٤ تدریس زبان مادری ایرانیان (کردی، آذری، عربی و...) به‌طور رسمی در سطوح مدارس و دانشگاه‌ها در اجرای کامل اصل ۱۵ قانون اساسی.

...

:۱۰

خدمتگزار شما

دکتر حسن روحانی

کاندیدای دوره یازدهم ریاست جمهوری

نهم خردادماه هزار و سیصد و نودودو شمسی

پیام ۱۰ ماده‌ای، وعده‌ی رئیس‌جمهور، بعد از ٤ سال

کاندیدای دوره دوازدهم ریاست جمهوری

.....

آموزش زبان مادری یا صحیح‌تر بگوییم، آموزش به زبان مادری؛ خواستی انسانی، حقوق بشری و قانونی، حقی شهروندی و غیرقابل‌انکار و غیرقابل صرف‌نظر برای همه انسان‌های روی زمین است. این حق که امروز وبالی است بر گردن مسئولان والامقام و تصمیم‌گیرندگان عظیم الشان کشور، به قول ضرب‌المثل شیرین فارسی حقی است که «دیر یا زود دارد اما سوخت‌وسوز ندارد» و گریزی از آن نیست.

آموزش به زبان مادری، مانند شیر مادر برای فرزندش حلال است. ده‌ها سال است مسئولان کشور آموزش به زبان مادری را از فرزندان اقوام کورد، آذری، بلوچ، عرب، ترکمن و... دریغ داشته‌اند. بسیاری از کشورهای جهان اجرای این حق انسانی را بر اساس برنامه‌ریزی‌های مدون و قانونی نه‌تنها تهدید و مشکل برای کشور خود قلمداد نمی‌کنند، بلکه آن را فرصتی پرارزش برای پیشرفت و مدرن کردن کشور دانسته و لحظه‌ای از مثمر ثمر بودن آن غافل نبوده‌اند.

در ۷ شماره پیشین ماهنامه چیا به تجارب اجرای متفاوت آموزش به زبان مادری در کشورهای گوناگون پرداخته‌ایم. در این شماره به تجربه‌ای دیگر و کاملاً متمایز در کشور سنگاپور می‌پردازیم تا ثابت کنیم که حق آموزش به زبان مادری در هر کشوری می‌تواند بر اساس شرایط منحصربه‌فرد آن کشور اجرایی شود، اما امکان به کنار نهادن این حق انسانی وجود ندارد.

سنگاپور؛ کشوری مدرن و پیشرفته

جمهوری سَنگاپور؛ با مساحت ۷۱۸ کیلومترمربع و ۵٫۵ میلیون جمعیت، کوچک‌ترین کشور جنوب شرقی آسیا، کشوری ثروتمند و مدرن و امید به زندگی در آن ۸۳ سال است. سنگاپور از سال ۱۸۲۴ تا ۱۹۶۳ میلادی، مستعمره بریتانیا بود. به مدت ۲ سال عضو فدراسیون مالزی بوده و در سال ۱۹۶۵ مالزی آن را از خود جدا کرد و مستقل گردانید!

سنگاپور ذخایر معدنی ندارد، اما اقتصاد آن‌که متکی بر بخش خدمات و صنعت است، رشد و شکوفایی فراوانی داشته و هم‌اکنون چهارمین مرکز اقتصادی بزرگ دنیا و سومین مرکز بزرگ پالایش نفت در جهان به شمار می‌آید.

صنعت گردشگری نیز یکی از منابع عمده درآمد سنگاپور را تشکیل می‌دهد. جاذبه‌های طبیعی فراوان، تنوع قومی، استفاده از زبان انگلیسی به‌عنوان یکی از زبان‌های اصلی و شبکه حمل‌ونقل گسترده و کارآمد، ازجمله دلایل محبوبیت این کشور در بین جهانگردان است. واردات، فروش و مصرف آدامس در سنگاپور ممنوع است. هم‌چنین سیگار کشیدن در بسیاری قسمت‌های سنگاپور ممنوع است.

سنگاپور کشوری چند مذهبی است. افراد بالای ۱۵ سال، ۴۴٫۲٪ بودائی و تائو، ۱۸٫۳٪ مسیحی، ۱۴٫۷٪ مسلمان ۵٫۱٪ هندو، ۱۷٪ نیز بی‌دین هستند.

سیاست زبانی سنگاپور

تنوع قومی، فرهنگی و زبانی در سنگاپور بسیار گسترده و ساکنان آن با نزدیک به ۲۰ زبان تکلم می‌کنند. بر اساس قانون اساسی سنگاپور، از میان زبان‌ها، ٤ زبان انگلیسی، مالایی، چینی ماندارین و تامیل به‌عنوان زبان‌های رسمی شناخته می‌شوند. سیاست رسمی آموزشی به ترتیبی است که دانش‌آموزان به‌طور هم‌زمان زبان انگلیسی و زبان مادری خود را می‌آموزند. علائم و تابلوها نیز به این ٤ زبان نوشته می‌شوند.

ترکیب قومی در سنگاپور ازنظر آماری تا اندازه زیادی روشن می‌باشد؛ و بدین گونه است که در حدود ۷٦٫۸٪ چینی، ۱۳٫۹٪ مالایی، ۷٫۹٪ هند و بقیه‌ی ۱٫٤٪ اقوام کوچک‌تر را شامل می‌شود.

سیاست زبانی سنگاپور گسترش مهارت دوزبانه است. زبان انگلیسی و زبان مادری. در سنگاپور فراگیری زبان انگلیسی اجباری است و تمام دانش آموزان این کشور باید آن را به‌عنوان زبان اول فراگیرند. به باور منتقدان این سیاست اگرچه فراگیری زبان مادری را نیز به همراه دارد، اما با توجه به موقعیت جهانی زبان انگلیسی، می‌تواند جایگاه زبان مادری را تضعیف نماید.

آموزش ۲ زبانه در کشور ٤ زبانه

در سنگاپور، سیاست زبانی با برنامه‌ریزی دولت در ارتباط است. رویکرد دولت رویکردی از بالا به پایین است و سیاست زبانی خود را از طریق آموزش‌وپرورش به اجرا می‌گذارد. این سیاست به‌گونه‌ای ست که اگرچه زبان انگلیسی ازنظر قومی حالت خنثی دارد، اما به دلیل مزایای اقتصادی و ارتباط آن با مدرنیته و پیشرفت علم، فناوری و سرمایه‌داری، جایگاه ویژه برای آن در نظر گرفته‌شده است و آموزش و فراگیری آن اجباری است.

بااین‌حال دولت سنگاپور به‌طور رسمی سیاست تشویق آموزش و فراگیری دوزبانه (انگلیسی و زبان مادری) را پیگیری می‌نماید و در آموزش‌وپرورش این کشور برنامه‌ی مدون برای اجرای

این سیاست ارائه نموده است. سنگاپور همچنین ترویج فرهنگ و میراث و ارزش‌های آسیایی ۳ گروه قومی چینی ماندارین، مالایی و تامیل را تشویق نموده و حفاظت از آن‌ها را وظیفه خود می‌داند.

پروژه سیاست زبانی سنگاپور همچنین هماهنگی نژادی را مدنظر قرار داده و در تقویم سالانه یک روز به گرامیداشت این سیاست اختصاص‌یافته است. سیاست اصلی این پروژه بها دادن به همه زبان‌ها به‌عنوان زبان استاندارد و استفاده از آن‌ها در سخنرانی‌ها و ایجاد اعتبار مساوی برای آن‌هاست. سنگاپوری‌ها اگرچه باور دارند که زبان انگلیسی می‌تواند نقش زبان میانجی را بازی کند، اما به پاسداری از زبان قومی خود به‌عنوان زبان حافظ و حامل فرهنگ‌ها نیز علاقه دارند.

مشکلات زبان انگلیسی برای زبان مادری مردم سنگاپور

سنگاپوری‌ها در راستای استفاده صحیح از سیاست زبانی، به‌شدت از ترویج اختلاط زبانی سنگاپوری – انگلیسی که اختصاصاً آن را Singlish می‌نامند، جلوگیری نموده و از کسان صاحب‌مقام که در سخنرانی‌ها و تبلیغات انتخاباتی از این روش زبانی استفاده می‌نمایند به‌شدت انتقاد کرده و خواستار پالایش و استفاده از زبان‌های استانداردشده‌اند. به‌ویژه در مدارس بر یادگیری صحیح زبان انگلیسی و زبان‌های مادری تأکید شده و سعی در به حداقل رساندن استفاده از این روش گردیده است. همچنین سازمان توسعه رسانه‌های جمعی از دولت خواسته است که در مصاحبه‌ها استفاده از Singlish را به حداقل برسانند؛ اما باوجوداین سیاست‌ها استفاده از Singlish به‌طور غیررسمی زمینه نهادی گسترده‌ای دارد.

به‌طورکلی سیاست زبانی سنگاپور در دو بخش؛ بین‌المللی کردن و پلورالیسم زبانی استقراریافته و زبان انگلیسی را به‌عنوان یک‌زبان غیربومی در کنار زبان‌های بومی سنگاپور، زبان رسمی دولت قرار داده است؛ و پلورالیسم زبانی را در جهت به رسمیت شناختن و حمایت از همزیستی زبان‌های متعدد در جامعه مدنظر قرار داده است. البته منتقدان این روش معتقدند که پروژه فوق در تضاد با ایدئولوژی تساوی زبان‌ها می‌باشد، چون گویشوران زبان‌های مختلف در سنگاپور ناچارند بدون در نظر گرفتن زبان اول خود، در بسیاری موارد به زبان غالب جامعه صحبت نمایند. بااین‌وجود دولت سنگاپور پس از استقلال به چهار زبان انگلیسی، ماندارین چینی، مالایی و تامیل جایگاه رسمی بخشیده و اعتقاد به همزیستی و تساوی زبان‌ها را در جامعه چند نژادی سنگاپور ترویج می‌نماید.

زبان انگلیسی، زبان برتر در سنگاپور

بررسی سیاست زبانی سنگاپور نشان می‌دهد، این سیاست ممکن است برای اهداف خاصی و در راستای اقتدار سیاسی و اجتماعی برنامه‌ریزی‌شده باشد. این سیاست همچنین می‌تواند در چهارچوب گفتمان سیاست زبانی و جامعه قابل‌درک باشد، اما مداخله مسائل سیاسی در برنامه‌ریزی وضعیت زبان دارای عواقب خاصی خواهد بود ازجمله می‌تواند بر موقعیت شخصیتی افراد تأثیرگذار بوده و شخص را در مقابله با زبان دیگری قرار دهد.

دولت سنگاپور ضمن رسمیت دادن به زبان انگلیسی در جامعه چند قومی، این زبان را در حد زبان ملی ارتقا داده است و پس از استقلال این کشور، با برنامه‌ریزی و تخصیص منابع کافی به توسعه زبان انگلیسی در حوزه‌های مختلف کاربردی مانند دولت، قانون، کسب‌وکار، مدیریت، رسانه و آموزش‌وپرورش پرداخته است.

جایگاه زبان انگلیسی در سنگاپور، امروز نه به‌عنوان زبانی استعماری، بلکه به‌عنوان یک‌زبان میانجی و بین‌المللی که در ارتباطات جهانی نقش اول را دارد، این طرز فکر را ترویج نموده که زبان انگلیسی، زبان برتر در جامعه است و علی الرغم تلاش دولت برای حفظ نمادهای فرهنگی و زبان‌های مادری، در سطح جامعه و خانواده و تفکر شخصی این‌گونه القاشده است که زبان انگلیسی، زبان محلی سنگاپور یکپارچه خواهد شد.

شکوفایی اقتصادی سنگاپور، مدیون اجرای سیستم دوزبانگی

بدیهی است انگلیسی نقش مهمی در چشم‌انداز زبانی سنگاپور به دست آورده، به‌گونه‌ای که سنگاپور تنها کشوری در جهان است که اهمیت دوچندانی به زبان انگلیسی داده است و این زبان را هم به‌عنوان زبان رسمی و هم به‌عنوان زبان کاربردی مورداستفاده قرار داده است.

سیاست دوزبانگی در سنگاپور نقش بسزایی در کمک به شکوفایی اقتصادی کشور ایفا نموده و ثبات سیاسی و اجتماعی که سنگاپور در چند دهه اخیر به دست آورده است مدیون همین سیاست است. بااین‌حال این سیاست اگرچه سبب انسجام ملی در جامعه چند نژادی سنگاپور گشته است، اما هم‌زمان سبب مشکلات و مسائل بالقوه اساسی درزمینهٔ افول قدر و منزلت زبان‌های رسمی و غیررسمی دیگر شده است و گویشوران گروه‌های قومی احساس می‌کنند با آن‌ها منصفانه رفتار نشده است و بیم آن می‌رود طی این روند زبان انگلیسی تبدیل به زبان غالب خانواده‌ها گردد. به‌ویژه گویشوران زبان ماندارین چینی، باور دارند که دولت ارزش‌های فرهنگی چین باستان را در نظر نگرفته است. به باورآن‌ها پیروی از سیاست دوزبانگی در سنگاپور سبب جدایی نسل‌ها و تهدید روابط خانوادگی و عدم ارتباط فرهنگی نسل‌های جوان‌تر با پدربزرگ‌ها و مادربزرگ‌ها گردیده است و ادبیات و اصطلاحات و ضرب‌المثل‌های زبان ماندارین چینی هنگام ترجمه به زبان انگلیسی ممکن است مفهوم کامل خود را از دست بدهد.

تسلط بر زبان انگلیسی برای سنگاپوری‌ها حیاتی است

از سال ۱۹٦٦ که سیاست دوزبانگی رسماً اعلام گردید، طی اجرای آن به‌مرور ابتدا قرار بود زبان انگلیسی به‌عنوان زبان اول یا دوم در مدارس تدریس شود؛ اما استقبال از زبان انگلیسی به‌عنوان زبان اول منجر به کاهش سریع انتخاب زبان مادری به‌عنوان زبان اول گردید. این روند سبب شد که برخلاف مدل‌های آموزش دوزبانه که محتوای آکادمیک بایستی به هر دو زبان آموزش داده شود، همه دروس و فعالیت‌های اصلی به زبان انگلیسی و فقط دروس اخلاقی به زبان مادری آموزش داده شد. در دانشگاه‌ها و مدارس عالی و آموزش حرفه‌ای تقریباً تمام محتوای دروس به زبان انگلیسی تدریس می‌شود.

در سنگاپور وزارت آموزش‌وپرورش تأکید سنگینی بر یادگیری زبان انگلیسی داشته و اعتقاد دارد «تسلط بر زبان انگلیسی برای دانش آموزان سنگاپور حیاتی است». در این رابطه انتظار فراگیری زبان انگلیسی برای دانش آموزان ابتدایی در حد صحبت کردن و گوش دادن و توصیف و ارائه شفاهی متون بالا برده و در سطح دبیرستان صحبت و نوشتن با دستور زبان صحیح انگلیسی و در دانشجویان ارائه مقاله و تجزیه‌وتحلیل و استدلال و تدوین و فرموله کردن مسائل را انتظار دارند.

زبان در خدمت منافع اقتصادی

ازنظر تاریخی استقبال از زبان انگلیسی در سنگاپور به سلطه استعماری بریتانیا بر این کشور برمی‌گردد. دولت استعماری زبان انگلیسی را زبان دولت، قانون و تجارت و زیرساخت‌ها قرار داده و این امر به‌مثابه کاتالیزور در دسترسی به آموزش و گسترش زبان انگلیسی در میان سنگاپوری‌ها عمل نموده است.

بعد از استقلال نیز، دولت جدید به جهت به حداکثر رساندن منافع اقتصادی تصمیم به نگه‌داشتن زبان انگلیسی گرفت. علاوه بر توجیه زبان انگلیسی به‌عنوان زبان تجارت جهانی، تکنولوژی و علم، از آن به‌عنوان وسیله‌ای برای پر کردن فاصله اجتماعی بین گروه‌های مختلف قومی – زبانی استفاده نمودند. به‌طوری‌که طی ۲ دهه تا سال ۱۹۸۰م نام‌نویسی دانش آموزان در مدارس انگلیسی از ۵۰٪ به ۹۰٪ افزایش یافت و مدارس زبان اقوام دیگر رو به تعطیلی و تخلیه نهادند.

بدین طریق زبان انگلیسی در سنگاپور به‌عنوان زبان‌اصلی ارتقا یافت و در تمام مدارس در کنار آموزش زبان مادری، به زبان‌اصلی آموزش تبدیل گردید. بر اساس آمارها اکنون بیش از ٦۰٪ از دانش آموزان ماندارین چینی و هندی و ۳۵٪ از دانش آموزان مالایی عمدتاً در خانه با زبان انگلیسی صحبت می‌کنند. بر اساس آمارها (۲۰۱۵م)، اکنون در سنگاپور بیشترین تعداد گویشوران مربوط به زبان انگلیسی (۳٦٪) می‌باشد.*

*** منابع مورداستفاده این مقاله در دفتر نشریه موجود میباشد.**

یادداشتێکی بێواتای غوربەتی

■ ئارام فەتحی

غوربەت چییە؟ واتایەکی ڕووکەشی نا؛ بەڵکوو ئەو ترس و بێقەرارییەی کە دەچێتە وجوودتەوە؛ ئەوەی کە بەردەوام لە خەوندای. هەموو شتەکان زیاتر لە خەیاڵ و خەون و جیهانێکی تەمومژاوی دەچن. ئەوەی کە قاچت بەسەر عەرزەوە بەن نابێت و ژێرپات خاڵییە. بێ ئەوەی کە لە دەستی خۆتا بێت لە زەینتدا جێگیر بووە کە هەر کاتێک بێت، تەنانەت سەد ساڵی تریش، هەر ئەبێ بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی واتات پێ دەدات و ژیانەکەی ڕاستەقینە دێتە پێش چاوت. ئەگەرچی باسی زەمان خۆی قسەی زۆری لەسەرە؛ بەڵام غوربەت ئەو شوێنە و ئەو ترسە لێنەبڕاوەیە کە دەترسی لێی بمریت و خۆفێکە دەست لە بینت بەر نادات. وەک مرۆڤێکی سەرگەردانتر لە هەمیشە، کە نازانێ بۆ لەوێیە و پرسیارێکە بەردەوام لە خۆی ئەکات: من چی ئەکەم لێرا؟ نە پێکەنینی هی ئەوە و نە شەقام و نە تامی هیچ چرکەیەکی. ((هەستی)) یان بوون و جیهانی هەر کەسێک بازنەیەکی هەیە. ئەو ترسەی کە مرۆڤی ئاسایی بەرانبەر بە مەرگ هەیەتی، ئەوەیە کە کاتێک ئەو ئەمرێت جیهان لە جێی خۆیەتی، هەموو شتەکان و کەسەکان بەردەوامن و تەنها ئەوە کە نییە. هاوڕێکانی دەچنەوە سەیران، دووکانداراەکان دەچنەوە دووکانەکانیان، تاکسییەکان هەر دێن و دەچن و هەموو شتێک دێت و دەچێ و تەنها ئەو نەبێت. ئەمە ڕاست هەمان ئەو ترسەیە کە مرۆڤی غوربەتنشینیش هەیەتی. بەو پێیەی کە هەستی و جیهانی مرۆڤی غوربەتنشین بازنەیەکی دیاریکراوە لە زەمان، ئاکار و ڕەوشتی تاقمێک مرۆڤ، شوێنەکان، و ئەو بەشە لە ژیان کە جیهانی ئێمەی پێک هێناوە و ئێستا بە هەر ناوێک وەک شوناس یان مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی و هەر جۆرە دابەشکردن و دیاری کردنێکی دیکە. بە دابڕان و دوورکەوتنەوەی لەم شوناسە(کە دواتر هەندێکی لە شوێنێک بەناوی بیرەوەری دەگیرسێتەوە) مەرگی ئەو مرۆڤە ڕوو دەدات و هەمان ترسی ئەو کەسە دەیگرێت کە بە شێوەی فیزیکی لە جیهاندا نامێنێت. ئەستەمییەکەی غوربەتنشینی ئەوەیە کە کەسێک کە بە شێوەی فیزیکی دەمرێت ئیتر مردووە و ئاگای لێ نییە هەتا ڕەنجی دیتنی بەردەوامیی جیهان و نەبوونی خۆی بکێشێت؛ بەڵام ئەم مرۆڤە نەمردووە و بە شێوەی فیزیکی هەیە و ڕەنجی مردنی خۆی لە هەستییەکەیدا دەکێشێت و دەچێتە گیانیەوە. وەها کە ترسی هەیە لەوەی لە یادی کەسەکان بچێتەوە. یان بۆ ڕاکردن و خۆدزینەوە و هەڵخڵەتان لەو دۆخە، زەین وادار بکات ناوی هەندێک شوێن و کەسی لە بیر بچێتەوە. مرۆڤی غوربەتنشین هیچکات ئەو بەشەی ژیانی غوربەتی لە حەساباتی ژیان کردندا بە ئەژمار ناهێنێت و بە ژیانی نازانێت. بەڵکوو ئەو بەردەوام پەنا بۆ ڕابردوو و بیرەوەری دەبات و لەوێوە خۆی پێناس دەکات و لەوێوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت. مرۆڤی غوربەتنشین تەنها شتێک کە وەک (دارایی) خاوەنیەتی، ڕابردوویەتی و لەوێوە دەیەوێت واتا بدات بە ژیانی. مرۆڤێک کە بگێڕەوەی هەمیشەییە.

ئەو دەترسێت و پێ خەمناک دەبێت ئەگەر شوێنێک یان کەسێک لە شارەکەی کەم یان زیادی کردبێت. ئەیەوێ هەموو شتەکان وەک خۆیان مابێتنەوە؛ ڕابردوویەک کە ئەم هەیەتی نەگۆڕ بمێنێت. وە ئەگەر ڕووداوێک لە نەبوونی ئەودا لەو شوێنە ڕووی دابێت، ئەستەم بتوانێ قەناعەت و بڕوا بهێنێت بەو گۆڕانە(ئەگەریش قبووڵی بکات، دیسان ناتوانێت هیچ پێنوەندییەکی عاتفی و حسی لەگەڵ بگرێت). لەبەر ئەوەی ئەو لە زەینیایە کە هەر ڕۆژێک دەگەڕێتەوە، بە تەواوی ناومکینەکانیشەوە ئاواتیەتی. بە دیتنێکی سادەش بێت، وەک ڕوانین بۆ تابلۆیەکی نەقاشی. لە ڕاستیشدا مرۆڤ لە غوربەتا باشتر ئەتوانێت خۆی ببینێ و خۆی بناسێت. وەک بڵێی لە بانێکی بەرزەوە، بەجوانی و بەتەواوی، خۆی و هەموو ژیانی ببینێ و لێکی بداتەوە. ئەو ئەتوانێ بە هەموو وردەکارییەکانیەوە ژیانی خۆی بکێشێتەوە. ئەو نایەوێ ناودارترین مرۆڤی ئەم جیهانە بێت؛ نایەوێ پووڵدارترین، دەسەڵاتدارترین، تەنها دەیەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتایی بە غوربەتی بێت.

ئەو ڕەنگە پەنا بۆ هەندێک بیرۆکە ببات، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئایدۆلۆژییەک کە بتوانێت واتا بداتە ژیانی هەنووکەی لە غوربەتدا. ڕەوتی غوربەت وەهایە کە زۆرینە دەکاتە قوربانی و ڕەنگە چەن تاکە کەسێک بخولقێن و زیندوو بمێننەوە و خۆیان ڕاگرن لە ناو ئەو گێژاو و تۆفانە کۆتایی نەهاتووەدا، بۆ ئافراندن و گێڕانەوە لە شێوازەکانی هونەر یان جۆرێکی دیکە.

بەگشتی مەفهوومی غوربەت هەڵگری زۆرێک واتایە و ئەکرێ لە چەندین ڕەهەندەوە ئاوڕی لێ بدرێتەوە؛ ئێستا ئەم غوربەتە چ وەک کۆچێکی خوازراو(مهاجرت) بێت یان وەک تاراوگە و نەخوازراو(تبعیدگاه)؛ کە بەڕای من غوربەتی خوازراو بوونی نییە و هەموو کۆچەکان نەخوازراون و ئەوەش کە وەک خوازراو دەستەبەندی کراوە، جۆرێک نارەزایەتی بە دۆخی هەبووە. بۆ ئێمەی مرۆڤی کورد کە دۆخی ژیانمان بە هۆی زۆرێک هۆکارەوە بەردەوام لە ئاوارەیی و دوورکەوتنەوە لە زێددا ژیمانمان بەسەر بردووە، غوربەت چەمکێکی پڕبایەخ و جێی سەرنجە. تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئەدەبیات و هونەری ئێمە، هەر لە ئەدەبیاتی کۆن و کلاسیکەوە تاکوو هەنووکەش بەرهەمی غوربەتە. هونەرمەندی کورد وەک نوێنەر و بڵندگۆی ئەو بەشە لە ژیان و وەک ئەو تاکەکەسانەی لەو دۆخە بەقوربانی بووەدا بگێڕەوەن، هەمیشە دوورکەوتنەوەکانی بە شینگێڕی و ئەو بۆشاییە وەسف دەکات کە غوربەت بەدی دێنێت؛ بە جۆرێک کە شاعیر یان نووسەر پتری شوناسی، هەمان ئەو شتانەیە کە بە هۆی دوورکەوتنەوەوە لەدەستی داون و دەیانلاوێنێتەوە. بەڵام ئایا بە هاتنەوە بۆ لای شتە لەدەست چووەکان و بۆ زێد و شوناس، ئەو شتەی بە ناوی غوربەتەوە تووشی بووە و غوربەت لێی گرتووە بەدەستی دێنێتەوە یان غوربەت هەمیشە بەردەوامە و ئەبەدییە و تەنها شێوە و جۆرەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت؟

ڕۆشنبیریی مەلا خدری ڕواری لە خوێندنەوەیەکی کورتدا

■ ڕەووف مەحموودپوور

پێمواییە هەرچی بەرهەمی شاعێرانی ئەوساییین زیاتر و بە سەرنجی جیاوازتر‌ەوە بێتە خوێندنەوە، زیاتر ئەبنە هۆی دڵخۆشی. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئاستی هووشیاریی بەرز و پێگەی وریایی مرۆڤانیی ئەو شاعێرانە زیاتر دەرئەکەوێت. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە هەندێ دەنگ لەبەر بێ ئاگایی لە دەقەکان، شێعری شاعێرانی ئەو ڕەوتە بە کەمتەرخەم و بێ دەربایيس لە قەڵەم ئەدەن!. بەڵام تاوتوێ کردنی بەرهەمەکانی ئەو خاوەن دەقانە چەپک چەپک بابەت و نیشانەی دڵخۆشکەر و زەین هەژێنمان بۆ دەرئەخەن کە شیاوی تێڕامان و ڕاوەستە لەسەر کردنن.

لێرەدا و لە خوێندنەوەیەکی کورتدا (کە وەک بەشێکە لە پرۆژەیەکی درێژخایەن و بەرفراوانتر)، دیمەیەک لە ڕۆخساری ڕۆشنبیریی و بەتەرخەمیی شاعێری سەوداسەری ڕواریی» مەلاخدری ڕواری» ئەخەمە بەرسەرنجی هۆگران.

مەلاخدری ڕواریی، کە لە دەوروبەری ساڵی۱۱۵۰ک.م لە دایک بووە، کەواتە ژیانی ئەو پایەبەرزە بۆ سەدەی دوازدەهەم و ڕەنگە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەهەمی کۆچی مانگیش بگەڕێتەوە. خاوەن چەپکێ بەرهەمی بە نرخە کە لەم ساڵانەدا بە هەوڵی بەڕێز جەمیل فاروقی و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی ئێحسان لە تاران چاپ و بڵاو بوونەوە. ئەو بەرهەمانەش بریتین لە: دەوڵەتنامە، ڕۆڵەبزانی،ئێقبال نامە،زەمانەی ئەندەن و پەراوێزێک لەسەر ژیانی مەلاخدر کە لەلایەن بەڕێز فاروقیەوە ئامادە کراوە. هۆگران ئەتوانن بۆ ناسینی زیاتری ئەم پایەبەرزە کتێبەکانی بەسەر بکەنەوە.

لە شرۆڤەیەکی تایبەتدا من وام بۆ دەرکەوت کە مەلاخدر ڕۆحێکی بەرز و هەستێکی ناسک و بیرێکی ڕەخنەگرانەی هەبوە. بەتایبەت کە جاروبار خۆی لە قەرەی تەزنیش داوە و بۆ دەربڕینی ڕەخنەکانی بەکاری هێناوە. بە ڕوومەتی بەرهەمەکاندا واپێدەچێت کە مەلاخدر لە چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی خەڵکی سەردەمی ناوچەکە و ڕەنگە بەرفراوانتریش، چە لە ئاستی گوزەرانی تاک و چە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیەوە نارازی بووبێت. هەربۆیە چاکی بەلادا هەڵکردوە و تا ئەو ئاستەی پێی کرابێت خەڵکی بۆ باشتر کردنی

ژیان و گوزەران، هانداوە و ڕێنموونی کردوون. لەو ڕێگایەشدا جاروبار بەگژ نەریتەکاندا چووگەسەوە و جاروباریش خۆی لە باوەشی ئەو نەریتەدا دیتوەتەوە. لێرەدا ئاماژە بە کۆپلەیەک لە هۆنراوە ئامۆژگارییەکانی ئەکەم کە لە دەفتەری «دەوڵەتنامە»دا دەسچنم کردووە و پاشان بەکورتی لێکیان ئەدەمەوە:

مەکەر بە عادەت بڕیەو درەختان
تا بەزوو نەنیات ئەو سەروو تەختان
درەختبڕ مەبۆ کەم زیندەگانی
هەژاری مارۆ نەچیرەوانی
پەی کۆتایی عومر؛ زوڵمی زیادە
سەبەبەن. زاڵم مەشۆ بێوادە
دەورەی زاڵمان کۆتا مەنزڵەن [1]
نامش مەمانۆ هەرکەس عادڵن

لەم دەقانەدا لەگەل ڕوانگەیەکی شارستانیانە و مرۆڤانیی ڕووبەڕوویەن. ڕوانگەیەک کە لە چەند دێڕدا هاتایەکی ئینسانی بەرز ئەکاتەوە و لە هەوڵدایە تا ئاپۆرەی جەماوەر لە خەواڵوویی ڕاپەڕێنێت.ئەکرێ ئەم ڕوانگەیە لە دوو ئاراستەی جیاوازەوە بخرێتە بەر سەرنج:

یەکەم: ئاراستەی ژینگەپارێزی و سرۆشت ویستی

ئەگەر ساڵانێک پێستر سەعدی شیرازی ئەڵێت:

میازار موری کە دانەکش است
کەجان دارد و جان شیرین خوش است

ئەوا ماموستا مەلاخدری ڕواریش لە سەردەمی خۆیدا هەست بە گرنگی و بایەخی ژینگە ئەکات و بوونی درختبڕ و زاڵم و چارەنووسی درەخت و مرۆڤی مەزڵووم پێکەوە ئەخوێنێتەوە:

مەکەر بە عادەت بڕیەو درەختان
تا بەزوو نەنیات ئەو سەروو تەختان
درەخت بڕ مەبۆ کەم زیندەگانی
هەژاری مارۆ نەچیرەوانی

وەک لە ڕوانگەیەکی هەنووکەییەوە جەختی لەسەر ئەکرێتەوە؛ سەرنجدان بە ژینگە و بەتەرخەم بوون لەو بوارەدا، ئاستی شارستانیەت و پێگەییشتوویی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پیشان ئەدات. بەڵام مەلاخدر لەسەردەمێکدا وەها بانگەشەیەک بەرز ئەکاتەوە کە وەها بیرۆکە و هزرێک بە خەیاڵیشدا نایەت و دوور نیە خەڵکانی ئەو سەردەمە پێیشی پێکەنین؟!بەڵام ئاستی هووشیاریی ئەو،هاندەری سەرەکی بووە بۆ دەربڕینی وەها بیرۆکەیەک. ئەوەتا کە بە زمانێکی ساکار و بە شێوازێکی جەماوەرپەسەندانە، بانگەشە بۆ پاراستنی ژینگە ئەکات و هاوکات دوو جەمسەری ژینگە؛ درەخت و گیانلەبەری کێوی، بە هەدەف ئەگرێت و لە قەڵاچۆ کردنیان خەڵک ئەسڵەمێنێتەوە. سڵەماندنەوەکەش دوو بوار ئەگرێتەوە کە بەپێی ئاستی تێگەییشتوویی ئەو سەردەمە لەوانەیە بە کارامە لێک درابێتنەوە: مەرگ و هەژاریی.

سەرنج لەوەدایە کە لەو سەردەمەدا و لە کولتووری ئەو خەڵکانەدا، ڕاو کردن و نەچیرەوانی! وەک بەرزترین ئاستی ڕابواردن و بەکەیفیی لێک دراونەتەوە و وەک جۆرێک هونەر و پیشە مامەڵەیان لەگەل کردوە. لە شێعری شاعیرانی دیکە و گۆرانی ئەو دەڤەرەشدا پێگەیەکی بەرین و بەرچاوی پێدراوە. بەتایبەت چینی باڵادەستی کۆمەڵگا و دیوەخان نشین، خووی زیاتری پێداوە. بەڵام چاونەترسی و لێهاتوویی و هزربەرزیی وەهای کردوە کە مەلاخدر ڕێبازێک بکاتەوە کە بە سەدان ساڵ دواتر، ڕۆڵەکانی لە ئەنجۆمەنی سەوزی چیادا بە کردەوەی بکەن!.

مەلا خدر بانگەشەی ئەوە ئەکات کە درەختبڕ کەم عومرە و زوو ئەمرێت. ڕاوچیەتیش هەژاری بەدواوەیە. وەک هەنووکەش ئەڵێن: ڕاو کردن ڕەجاڵی ئەهێنێ.

ئەو نەریتەی مەلاخدر، کارێکی جێگای پەسەندە. چوونکوو بە پێی ئاستی تێگەییشتوویی جەماوەر دەست بۆ بابەتەکە ئەبات و مامەڵە کردنەکەی شێواز و میتودی گەنجاو هەڵدەبژێرێت. ئەمەش لەو پێناوەدایە تا هەرچی زیاتر خاوەن کاریگەری بێت.

دووهەم: ئاراستەی ماڤپارێزی و وەستانەوە دژ بە ستەم

پەی کۆتایی عومر؛ زوڵمی زیادە
سەبەبەن. زاڵم مەشۆ بێ وادە
دەورەی زاڵمان کۆتا مەنزڵەن
نامش مەمانۆ هەرکەس عادڵەن

ئەبینین کە لەو دوو دێرەدا، ڕاشکاوانە و بە دڵ و جەرگی پۆڵایینەوە دژ بە ستەم و ستەمکاران ئەوەستێتەوە و پشتیوانی لە عەدڵ و عەدالەت ئەکات. ئەمەش ڕەهەندی مرۆڤانیی و مرۆڤ دۆستی ئەگرێتەوە و پیشاندەری بەرزیی ئاستی هووشیاریی و لێهاتوویی کۆمەڵاتەیی مەلاخدری ڕواریە. لێرەشدا زۆر سەردەمیانە و بە زمان و شێوازێکی سەردەمیانە، بەگژ زوڵم و زاڵمیدا ئەچێتەوە و بانگەشەی ئەرێنی بۆ عەدڵ و عەدالەت ئەکات.

کۆمای ئەو دوو ئاراستەیە ئەوپەڕی هزری مرۆڤ دوستی و مافپەروەری شاعێرمان بۆ بەدیار ئەخات. دوو دیاردەی ژینگەپارێزی و ستەم بێزیی، کۆمەڵگایەکی پڕ لە کامەرانی بونیاد ئەنێن و ژیانێکی ئاسوودە بۆ تاکەکان پێک ئەهێنن. ئەمەیە سەرنجی شاعێرێکی ئێمەی سەدان ساڵ پێش!!!.

لێکدانەوە و گەنگەشەی قووڵایی ئەم هزرە خولیایەکی پرسۆمان بۆ بەدیار ئەخات کە هەم جێگای شانازیە و هەم بەدواداچوون. جێگای شانازیە کە لە وەها سەردەمێکدا شاعێرێکی دەڤەری هەورامان بانگەشە بۆ دوو بەها ئەکات و دوو حەز بە بنەما ئەگرێت و هەوڵ ئەدات سەرنجەکان بەرەو ئەو دوو بەهایە بخونچێنێت و ڕاکێشیان بکات: بەهای یەکەم: ژینگە پارێزیە. ئەمەش پیشاندەری کرانەوەی عەقڵ و تێڕامان لە سەرچاوەکانی مانەوە و سعادەت و ئاسوودەیی مرۆڤە. بەهای دووهەم: مافپارێزی و وەستانەوە دژ بە زوڵم و ستەم. کە ئەمەش ڕاستەوخۆ بانگەشەی هزری مرۆڤانیی و مافپارێزیە و یەکسانی و سعادەتی تاکەکانی کۆمەڵگایە.

بە باوەڕی من زۆم کردن بەسەر ئەو دوو بەهایەوە «ژینگەپارێزی و ستەمبێزی» ئەوپەڕێ جووڵەی هزر و ئاوەزە بەرەو کامەرانی و سعادەتی ئینسانی. ڕەنگە هەمان بنەما بێت کە وەک ئۆمانیسم پۆلێن کراوە.

بەڵام ئەگەر ئێمە گەرەکمان بێت گەنگەشەی ئەو هزرە قووڵە بکەین، ئەوا ئەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە باسەکە دارێژ بکەین: یەکەم: هۆکار و بنەماکانی سەرهەڵدان و ئاخێز کردنی وەها هزر و ڕوانگەیەک لەلایەن مەلایەکی گوندێکی دوورەکەوتەوە. لە ڕاستیدا هەوڵ و جمەکانی من بۆ ئەم بابەتە، بەو ئاکامەیان گەیاندم کە قووڵترین و بە کاریگەرترین بنەما بۆ ئەو هزرە، پێشینە و پاشخانی ئەو هزرە، بنەمای کولتوورِیە. تەنانەت بنەسۆکانی ئەو کولتووره هەنووکە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دەڤەرەکەشدا ماوەتەوە وهەنووکەش خاوەن کاریگەری و ئەکتیڤە. بۆ نموونە؛ هەنووکەش بەشێک لە دار و درەختی خۆڕسک لای خەڵکی خاوەن پێگە و پیرۆزایەتین بڕینیان بڤەی کولتووریە. بۆ نموونە دارە وەن(بەن، قەسوان، کێکف، ...) هەروەها بۆ کەندن و کەڵک وەرگرتن لە گژوگیاش ڕێسای تایبەت هەیە کە بگرە لە لێکدانەوەی سەردەمیانەدا لە پێناو مانەوەدا زانستیش بێتە بەرچاو. ئەمەش بەشێکە لە دیاردەکانی ئەو پاشخانە. ئەگەر لە ڕوانگەی فەلسەفی و باوەڕێشەوە بکەوینە هەلپرژێواندن ئەوا دەسمان لە ناو دەقە پیرۆزە کەونارایەکاندا بەسراو نابێت.

